# ڕووتبوونەوەی وشەکان



**کتێب : ڕووتبوونەوەی وشەکان**

**شاعیر : غەمگین بۆلی**

**بابەت : شیعر**

**تایپ : شاعیر**

**بەرگ : جێگر جەبار و فراس جاف**

**نەخشەسازی ناوەوە : بارزین کەریم**

**تیراژ: 1000دانە**

**نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم**

**ژمارەی سپاردن:10**

**شوێن و ساڵی چاپ: هەولێر –2012**





***Email: xemginb@yahoo.com***

***Tel: 0750 460 0736***

# ئەلوو ساڤۆکە

سبەی خۆم سەفەرییم
بە مردن بلێن: با خۆی لەدوایی من ئەزیەت نەدا
خۆم تەلەفۆن بۆ ساڤۆ دەکەم
لەو دیوی لای ژنە پاکیزەییەکانی
با خانوویەکی پڕ لە کتێبی باڵدار و
ژنی شووشەیی و
شەرابی ئاسوودەگیم بۆ بەکرێ بگرێ .

ژوورەکان بەقەد خەیاڵ فراوان و
حەوشەکەی بەقەد وشەکان پان بن
با ساڵۆنەکەی بەقەد سینگی شیعرێکی هەڵفڕیو بێت .



ئەلوووو...  ساڤۆکە

مردن تەریق دەکەمەوە

سبەی ناچمە لای !!

هاهاهاهاهاها ؟.



ئەلووو... ساڤۆکە

ئێوارەیەك دەعوەتی تۆم

بە پارچەیەك خەیاڵی ناو خەونەکانت

بە فڕە پیێکێك لە خۆکوشتنت .



**ساڤۆکە ئەلووووو ...**

**خەڵوەتم بە هەزاران خەیاڵ ئاوسبووە**
**وەك ئاوسبوونی سگی شیعری تۆ بەخەیاڵی پیاوە نەوسنەکان**
**وردە وێنەی تەڕ لە پەنجەکانم فیچقە دەکەن**
**وەك وێنەی تەڕی تۆ لەبەردەم ئاوێنەی ئێرۆتیکادا**
**وێنەکانم کەللەسەری وشەی پڕ لە قسەن**
**وەك کەللەسەری پڕ هێلانەی پەپوولەی تۆ لە ئاسمان**
**وشەکانم کراسی فانتازیای ڕووتبوونەوەیان پۆشیوە**
**وەك وشە بێ مایەو ستیانەکانی تۆ.**



ئەلووووو...  ساڤۆکە



شیعر لەتۆوە ..

تەڕ تەڕ خۆی دەخاتە حەوشەکانی بێدەنگی بوونمەوە

تەڕ تەڕ پرچی درەختەکانی شەو ڕاکشانت بە پەنجە شەکەتەکانم دادەهێنێت

تەڕ تەڕ کراسە ئاوریشمیەکانی ئاوییت فڕێ دەدا بێحاڵیمەوە

تەڕ تەڕ بە گۆنای هەناری سەربەگوڵت وشەکانم لە خەیاڵەوە دادەوەشێنێت

تەڕ تەڕ خۆی دەخاتە بن ڕۆحی ماندووم و

دەست دەکات بە سەمای تەڕبوون .

ئەلووووووو...

ساڤۆ پرچی خۆی بەسەر سینگی زەویدا  شۆڕکردۆتەوە
بەکلی وشەکان چاوی شەوەکانی سپی سپی کردووە!.



ساڤۆ ...

دەرگاکە دادەخەم
پەنجەرەکە دەکەمەوە
جێگایەکی ئارام ڕادەخەم
ئەمڕۆ دەمەوێت کەمێك بمرم !.

* ساڤۆ:
یەکەمین ژنە شاعیری گرێکییەو بەوە بەناو بانگە کە شیعرەکانی ئێرۆتیکایان لێ دەتکێت .



# چووزانم خۆم لێ ون بووه

سەیره سەیر

لە ئاوێنەیشەوە خۆم بۆ نادۆزرێتەوە!.





مریشکێك لەو لامەوە
وەك من ئارامی لێ بڕاوە
ئەو بۆ هێلکەکردن،
من بۆ شیعر نووسین .



13

من لەخۆم دەگەڕام

تۆم دۆزیەوە

تۆش لە خۆت گەڕای

منیشت ون کرد !.



دەشێت خۆم ون کردبێ

وشەکان بەسەر تەنافی گوتنەوە

خەیاڵە تەڕەکانم بدەنە بەر هەتاوی شیعر

دەشێت وشەکانم حاشام لێبکەن

من دز دەرچم و

خۆمم دزی بێ !.




چرای سەبر هەڵچوو

ژووری پڕکرد لە دووکەڵی خۆشنودی

ئاوێنەکاوێژی بەدمەستبوونی دەکردەوە

جادە شل وکوتە تۆزاوییەکان

بەدەم سەمفۆنیای فلوتەوە سەمایان دەکرد

مارشەکانی گوتن لە خەو هەستان

لەم نێوانەدا..

چووزانم، شتێکم ون کرد !.

وریابن شتێك دەشكێت !

ڕەنگە گەردیلەی هەناسەكانی چرای بێهوودەیی بێت

ڕەنگە قاچەكانی كەرێكی قوڕپەسەری لە قوڕ چەقیو بێت

ڕەنگە لێكترازانی پەرژینی هەنارە دڵپڕەكان بێت

ڕەنگەكەوتنە خوارەوەی بیتاقەتیم لە دوانهۆمی تەنیایی بێت

ڕەنگە بەربوونەوەی هەسارەیەك بێ بەسەر قەفەزی سینگمدا

ڕەنگە سەراوبن بوونی جامی شەڕاب بێت

ڕەنگە تووڕەبوونی ئاسمان بێ لە زەوی

ڕەنگە كەسیك بێ خۆی لەخۆی جیاكاتەوە

ڕەنگە هیچیش نەبێ هەرمن بم بەدوای خۆمدا !.



عەیامێکە لە خۆم دەگەڕێم

تۆم لێ ون بووە

- ئەرێ بەڕاست کەس تۆی نەبینیوە؟

کە منی !!.



چووزانم

که گەڕامەوە هەموو ماڵم بەدوایدا هەڵپشکنی

مێشێك لە قاوەکەمدا خۆی خنکاند بوو

منیش لە کفنەکەی خۆمدا وەرم پێچاو

لە سێبەری مردنمدا ناشتم .



ماڵم بە قوڕگیری

لەگەڵ خۆشم هەڵناکەم !.





شاعیرێ شیعرێکی دزی

ناچار ناوی خۆی خستە نێو بیری گووەوە!

- ببوورن..

ئێستا ئەو شاعیرە گووی لە شیعری جوانترە.

# پەرداخی داڵغەیەك مەراقی خۆی دەخواتەوە

## داڵغەیەکی مەراقگرتوو

شەقامە تراویلکەکان
هەڵمی یادەوەری ستلێك ئاویان لێهەڵدەستا
گەڕەکەکان پڕ ببوون لە پیرە منداڵی شووشەیی !
دایکە سیاپۆشەکان کراسە ڕەشەکانیان خستبووە مەزادەوە
شارەکان پڕ ببوون لە لافیتی ڕەنگ پەڕیو
نیشتمان ماچەکانی عەشقی لەگیرفانی هەور شاردبۆوە
پەرداخی داڵغەیەکیش مەراقی خۆی دەخواردەوە .



# ئەم وشانەی خوارەوە

باخچە سکاڵا لە ئاسمان ناکات !

هەور فرمێسك بۆ زەوی ناڕێژێت !

ئاسمان مەگێرانی بە هەڵم ناکات !

هەڵم لەسەر پەنجەرەکان ناخەوێت !

نووستن بە گومانە لە خەون !

خەون بەبێ نووستن دەچێتە خەیاڵەوە !

زەوی چاوەڕێی باران ناکات !

(شاعیرێك بێ بارگاویبوونی خەیاڵ وشەکان ڕێز دەکات) .



# دوا پەیامی ژیان، مردنە

تۆ لە ژوورێکی پڕ پەنجەرە دەگەڕێی
پەنجەرەیەك بۆ سەیرکردنی باغی پەپوولە زریان بردووەکانی عەشق
پەنجەرەیەك بۆ تێفکرین لە بەباکردنی جگەرەی ئایندەیەکی تەوەزەل
پەنجەرەیەك بۆ خەیاڵە ئاگرینەکانی جەهەنەمی سەر ژیان
پەنجەرەیەك بۆ تەسمیلبوونی فانتازیای شەقامە سپییەکان
پەنجەرەیەك بۆ ڕیسوابوونی ئایەتەکانی عەشقێکی پڕ کوفری
پەنجەرەیەك بۆ کۆکردنەوەی پارچەکانی خۆت
پەنجەرەیەك بۆ گەڕان بەدوای پووچیەتی سەفەرەکان
سەیرە،
تۆ تازە دڵنیای ژمارەی پێڵاوی مردن چەندە!
ئەوەتە ژیان سواری پاسی مردن بووە .



# هەڵپەڕین بەجۆرێکیتر



بەردی تەنیایی بەڕۆحم کەوتووە

ڕۆحم پێکراوە

وەك ئەو چۆلەکانەی بەمنداڵی بە دار لاستیك دەمپێکان و

لە ئازاری مەرگدا،

هەڵدەپەڕین.

# شەڕی تەنیایی



تازە تەنیاییم زیویرکردووە

ژیانم گەمەکانی لە مەرگی دزیوە

تازە ئەم شەڕە ناوەستێت

شەوێك دێ لە پشتی سەراب بگەڕێتەوە

شەوێك دێ لێم هەستێتە سەر وشەکان

وەك ئەمشەو شەوێك دێ تەنیایی تووڕەیە

ئەم تەنیاییەم دەخاتە جانتای سەرابی تەنیاییەوە .

# شووشتنەوەی تاریکی



شەوێ بەبێ قاچەکانم سەفەرم کرد
بەیانی کە گەڕامەوە هەموو شتێك شێوا بوو
گۆرەوییم پێڵاوەکانمی بۆیاخ دەکرد
پێڵاو گۆرەوییەکانمی دەشووشت
سێبەرەکەشم تاریکیمی دەشووشتەوە
پێڵاوێکی کۆنم لەبەردەم نەینۆك قەیتانەکانی تووند دەکردەوە
بەیانی کە گەڕامەوە شەوم لە سەفەر بزرکردبوو .

# ونبوون لەپێناوی دۆزینەوە

وەرە بە جانتایەك سلاّوی ئەڤینداری
بەباوەشێك کۆتری سپی
بەچەپکێك گوڵی سوور
بەزەمبیلەیەك سێوی باغی سینەت
بەپۆشاکێك هێشتان بۆنی منی لێ بێت
بەپیاسەی نیگاکانی یەکەمین دیدار
بەگیرفانێکی پڕ لە لوقمە ماچ
بەلەپێك شەعربەناتی ڕووت
بەنیشتمانێك لە مووتوربەی باڵات
بەپێکێك شەڕابی شیلەی لێو
دەمەوێت لەتۆدا ونبم .



# لەتێک نیگای بەر پەنجەرە

پەراوێزم مەکە لە لەتێك نیگای بەر پەنجەرە
فەریکە سێوەکانت حەرام مەکە لە شەوی مەستم
بە بۆنی پێستت سەرمەستی مەرگێکم مەکە
کە خۆزگەی ڕێگەیەك بێ بۆ مردن
پیاسەیەك بێ بە شەقامەکانی ئاوابوون
بەتاڵم مەکەوە بە ماچی گەرمی ڕۆح
بە ترپەی دڵەکوتانەی ژووانی بەرمانگ
بەزەردەخەنە مەراقگرتووەکانی ئێوارەی سەفەر
بە گریانە ڕۆحیانەکانی شەوانی دووری
بە غەریبی خۆت
بە بەختی ڕەشترت لە بەختی من
هەر چۆنێك بێت بەتاڵم مەکەوە لەخۆت !.






# شێر هەر شێرە

**شێری ناو قەفەزیش، ترسی هەیە!.**



## دەخوێنمەوە

تۆزی بێدەنگی سەر پەیڤەکان دادەوەشێنم .

# خەونی ڕووتبوونەوە

دوای حەوت ساڵ چاوەڕوانی
ئەمشەو بە ڕووتی هاتییە بن جێیەکەم
لەحەوت دەقیقەدا،
داخی حەوت ساڵ دووریت پێ ڕێژتم
بەڕووتی بەژوورەکەمدا پیاسەت دەکرد
تا: هەموو شتێك خاو خاو بۆوە!
بە ڕووتی سیمات دەخستە نێو ئاوێنە
تا: ژیان تەریق ببێتەوە!
بە ڕووتی جگەرەت دەکێشا
تا: بێزاری تف لە خۆی بکات!
بە ڕووتی کتێبخانەکەت دەکردەوە
تا: تەواوی وشەی نێو کتێبەکان بوون بەکارەکتەری پیاو!
بە ڕووتی شیعرت بۆم خوێندەوە



تا: ژوورەکەم خاو خاو بۆوە

بە ڕووتی ئارەقەی نێو مەمکت تکاندە سەرگوڵی ژاکاوی ڕووم

تا: گڵۆپەکانی ژوورەکەم کوژانەوە!

بە ڕووتی دەفتەری یادگارییەکانت دەکردەوە

تا: ڕابردوو گەیشتەوە وێستگەکانی ئایندە!

بە ڕووتی دواجار سەیری خۆت کرد، خەریك بوو ببی بەمن

بەڕووتی لەحەوت دەقیقەدا

داخی حەوت ساڵ دووریت پێ ڕێژتم

بەمندا موتووربە بووی و باڵات کرد

بەیانی بێجامەکەم تەڕ ببوو

زانیم ئەوە خەونێکی ڕووت ڕووتبووە

شەیتان لە بڕی تۆ غەریبی کردوومە !!.



# هەمووومان كرێچین



## ژیان و مەرگ

له ئەزەلەوه دوژمنی یەكن

كەسیش نییه ئاشتیان بكاتەوه !.



## هەشت ساڵ چاوەڕوانی

عەشقی کچە سەفەرییەکە

بزمارێکی پۆڵاین بوو

ئێوارەیەك بە دیواری دڵمی داکوتا و

ملپێچە سوورەکەی پێوە هەڵواسی .



# عەشق نەزیفبوونی ڕۆحە

لە دەستپێکترین سەرەتاوە
بەتاڵم کەوە لە خۆت .



# نەزیفبوونی شاعیر

خەیاڵەکان کلیلی قفڵەکانی ژیانن

ژیان بۆ شاعیر نەزیفبوونی خەیاڵە و

خوێنی وشەی لێدەچۆڕێت !.



## کۆلارە

تەمەنم دەکەمە کۆلارەیەك

با منداڵیم بەڕەڵای ئاسمانی بەرائەتی بکات .

# من دەبینی

مەگەڕێ با شار سەری لێت نەشێوێ !

چاو مەگێڕە با شار بەنیگاکانت گڕی تێبەرنەبێت !

دۆزینەوەم وەك ون بوونم ئاسانە

لە تاریکترین ژووری شاردا ،

لەسەر پشت ڕابکشێ و

چاوەکانت داخە ...

...

( من دەبینی ! ).





# هەموومان کرێچین

خانووەکان ژیانن

مرۆڤەکان کرێچی خودان

مردن کرێی هەمووان وەردەگرێ

مردن زۆر زۆر دەوڵەمەندە !.



## گرتەیەک

خراپ ڕاپەڕیم بەو دەنگە
زەندەقم چوو بەم ناکاوییە
ڕۆحم بەربۆوە بەم گوللەیە
( بەم نیوە شەوە،
دەنگی گوللەیەك ژوورەکەمی پڕکرد لە گومان !).



# سپیبوونی ڕابردووی ڕەش

یادێکی ڕەشهەڵگەڕاو بە فۆتۆگرافیێکی ڕەنگاڵە
وێنەی خۆی لە شەقامێکی سپی گرت
لە تاقیگایەکی خەون شووشتییەوە .



## کات لە ژووان

شەوانی هەڵفڕینی ماچەکانی ڕۆح

کاتژمێر پەلەی لە چرکەکانی دەکرد !

زەمەنیش..

ڕۆژگارەکانی بەسەرماندا خلۆر دەکردەوە.



## جیاوازیی

ئەگەر جیاوازی دۆزەخ و بەهەشت ژیان بێت

جیاوازی من و تۆش عەشقە !.



## دوو نووقتە

وەك وشەكانی هزری مشتێك گەنمی وەشان
كۆترەكانی لە ترسان بەرەو زەردەپەڕ هەڵفڕین
كە كۆترەكان لە ئاسمان بوونە نووقتە
كۆتایی شیعرەكەشی بوو بە نووقتە .



## نامەی پشت هەور

هەر ڕووم نەهات نامەی ژیان بنووسمەوە

شیعرە کچێکی عاشقم خۆی سووتاند

دوا یاداشتنامە پڕ مەراقەکانی بە نووسینەوەی مردن سپارد.

# کەرتە شیعرێک

بۆنی سێو پڕە لە ڕووتبوونەوەی عەشق .





# خۆ داوەشاندن

شاعیرێك بتەكانی ناخی  وردو خاش كرد

كڕنۆشی بۆ ئەم سێبەرە ڕەشانە نەبردەوە .



# تەسبیحاتی خۆکوشتن

وەك بۆقێك لە زەڵکاوێکی ئەو پەڕی دنیا قیڕە قیڕمە
وەك سەگە بێنازەکانی سەر شەقام عپە عپمە .



## زمانی بێدەنگی

دڵە بەردە تاریکەکان
گرێ کۆڵەی بێدەنگییەکانیان
لە ڕۆژی عاشقبوون دەکەنەوە .



## ناونیشانێکی تر

یەکەمین کۆڵانی ئەم شارە

لەناو پێڵاوەکانمەوە دەست پێدەکات .



# ڕۆمانی گومان

کە بیر لە مەرگ دەکەمەوە

گومان دەکەم جارێکی تریش ژیابم !.

# هەرێمی ڕەش

ڕۆژەکانمان پڕن لە یادەوەریی ڕەش
لە ڕۆژێکی وەك ئەمرۆ ڕەشیشدا
لە یەکەمین نیگاوە سپی سپی عاشقم بووی .
( یەکشەممە ڕەشەکەی 2006 )

یادەوەریی بەسەر ڕۆژگارە ڕەشەکانماندا دەبارێت
لە بارینی یادێکی ڕەشی وەك ئەمرۆشدا
لە ژێر باران ...
سپی سپی جێتهێشتم .
( یەکشەممە ڕەشەکەی 2009 )



وا ئەمرۆی ئەمرۆش ...
یادی ڕۆژە ڕەشەکان سپی سپی دەکەمەوە .
(یەکشەممەی سپیبوونەوەی 2011 )

# دڵم بەمندا خلۆر دەبێتەوە

## تۆ لە کوێی ؟!

زۆر لێت گەڕام
لەو پەڕی بێتاقەتی زەمەنە تێکشاوەکان
لە پەرتەوازەبوونی گومانی بوون
لە وێستگەکانی تراویلکەی سەفەر
لە ژوورە ئاوێنەبەندەکانی فەنابوون
لە سەفەرە دڵتەنگەکانی با
لە تاساوبوونی گێژەڵوکەیەکی تێکشکاو
لە تونێلی وشەکەنفتەکانی یاد
لە تەریقبوونەوەی ونبوون، لە تۆدا
لە نادیاری تۆ، لە مندا .

( تۆ لە کوێی؟! )



# بیانووی جوانی

بیانووم هەیە بیانووی سوور
بۆ گەڕانەوەیەکی سپی
لە نێو دێرە شیعرێکمدا
ماچێکی تۆم تەقەت کردووە.

(جوانی بیانوو )



# تۆ و تۆ



زویرمەبە

کە لە دڵمدا سەرمات بووە

دوێنێ کچە دراوسێکەمان

بە دڵی بەردی ...

پەنجەرەی دڵی شکاندم .

( تۆ و تۆ )



# هەر دووکمان بەیەکەوە

من دەڕۆم

خۆم ئامانەتی تەنیایی دەکەم

تەنیایشم لای تۆ بەجێدەهێڵم

تۆش لای تەنیایی !.

( هەر دووکمان بەیەکەوە )

# چیرۆکی پشیلە

ئەم ژوورە بێدەنگە بەخەیاڵی کێ ئاوسە؟
مەگێرانی بە کام وشەوە دەکات؟
گمەگمی کوکوختییەکانی بەرهەیوان
ئاوەزی وشە ئارگۆنییەکان کپ دەکەنەوە
پشیلەیەکی نەوسن
لە تەماحی کوکوختییەکانی بەرهەیوانی رۆح
خۆزگەی فڕین دەخوازێ
مەگێرانی تەواو دەبێت



گەڕەلاوژەی ژوورەکە کوکوختییەکان هەڵدەفرێنێت
پشیلەکان دەچنەوە سەربان
دیمەنەکە دژدەبێتەوە!

خەیاڵی وشە ئاوسەکان
خەیاڵی کوکوختییە غەمگینەکان
خەیاڵی پشیلە نەوسنەکان
بە حەوشەی ماڵدا پەرش وبلاو دەبێت
دیسان لە ژوورەکەمدا،...
خەیاڵەکانم تێکدەچڕژێن و
دڵم بە مندا خلۆر دەبێتەوە !.



( چیرۆکی کوکوختی )



# کەس لە ماڵ نییە

ڕووت ڕووت بەسەر دۆشەك و باليف ڕاكشاوم
بەم ناوەختە دەنگی دەرگا دێت
دەرگای ماڵ نا
دەرگای دڵم .

( کەس لەماڵ نییە )

# کڵاوێک لەباوکمەوە



باوکم بە دەرزی لەززەت

دایکم بە دەزووی شەهوەت

ئیمشەو..

کڵاوە دڕاوەکەی منداڵییان دووریمەوە .

## ( کڵاوێک لە دایکمەوە )

# ڕۆمانی ئاسمان

منداڵێك بەدەم خەیاڵەوە
خۆی بە پشتەوەی گالیسکەیەکی باڵدار هەڵواسیوە
بۆ پەنیر کڕین دەچێتە سەر مانگ
سۆراغی کولێرەی بە ڕۆن لە سەگێکی برسی دەکات
دەیەوێت جگەرەی سەفەرەکان بە خۆر پێبکات
دەیەوێت مووە سپییەکانی پیربوون لەسەر مەریخ بدۆزێتەوە
دەیەوێت خەونەکانی بە کاریتەی ئاسماندا شۆڕبکاتەوە .

هەرزەکارێکی سەرخۆش بە ژیان
ڕۆمانی ئاسمان لەسەر زەوی دەخوێنێتەوە
چیرۆکی زەویش ..
بۆ ئاسمان دەگێڕێتەوە .



پەنجەرەیەك خەیاڵی پیاوێکی دزیوە

سەبەتەیەك فەریکە خەیاڵ لەلای پێڵاوەکان

ئاسمانێك گازاندەی سپی سپی

لەسەر تەرمی بەردەکان بەجێشتووە

بەردەکانیش خۆیان دەنووسنەوە

بە ماچی سێبەرە تەڕەکان دەستپێدەکەن و

لە دوایی لەتبوونی کەون فاریزەیەك دادەنێن

ماچەکانی پیربوون

ماچەکانی سێوی ڕووتبوونەوە

ماچەکانی چوکلێتی ژووان

ماچەکانی تەزووی یەکەمین شەرم

لەیادەوەریی پیاوی بەرپەنجەرەکەدا مەلە دەکەن.

پیرە پیاوێك

بە دوایی سێبەری خەونێکی پڕکابووس ڕادەکات

خەونەکانی لەپیاسەی ئاسماندا وێڵبوون

ترێی ماچەکانی بۆگەن بوون

خەیاڵە ڕووتبووەکانی لێ خلۆربوونەتەوە بنی دنیا .



کورسییەك دەشکێت و خەیاڵەکان دادەوەشێن
شاعیر لەسەر کورسی بیر ناکاتەوە و
شیعری شکانیش نانووسێت
شەربەتی خۆڵی کەنارەکانی عاشقبوونیش هەڵناداتەوە
گوێ لە گۆرانییە مشاوەشەکانی تاڤگە ناگرێت
خۆی شەلاڵ دەکات لە خەیاڵی ڕووتی هەنارێکی سەربەگوڵ
چیرۆکی ئەفسانەکان بۆ بۆشایی دەگێڕێتەوە
خۆی بە پاڵەوانی ئەو دیوی وێنەکان دادەنێت
وێنەکان قسە بۆ وشەکانی دەکەن
کورسییەکی تر دارەکانی دەباتەوە دارستان
خەیاڵە داوەشاوەکەش خۆڵ خۆی بەبا دەکات



( ئاشت نابێتەوە لەگەڵ خۆی ).

بەر لەوەی پەساپۆرتی دوورگەکانی ئاسمانی بۆ دەرچێت
بە باڵی هەورێکەوە سەفەری باغەکانی فیردۆس دەکات
سەفەر لە ناو پێلاوەکانیدا بەجێدەمێنێت !.

دڵی بۆگەنی دەبێت !

چاوی لە ئەنگوستەچاو کزتر دادەگیرسێت

ڕوخساری بە پاییزێکی تووڕە دەسپێرێت

ڕۆحی وردە پەپوولەی مردنی لەسەر دەنیشێت

ترپەکانی  لەخانەی جەستەی کۆچ دەکەن

هەنگاوەکانی پەلە دەکەن لە ژیان

ژیان مەوداکانی کەرت کەرت دەبێت

پیاسەکانی پڕدەبن ...

لە کورسی شکاو و

تەنەکەی قووپاو و

خەیاڵی خۆڵەمێشی .

خۆیەتی هەمان ئەو کەسە سەرخۆشە

دەستنووسەکانی ژیان خڕ دەکاتەوە و

چیرۆکی مردنی لێ بە جێدەمێنێت .

هەر خۆیەتی چیرۆکی ژیان دەنووسێتەوە و

خەیاڵی مردنی لێ بزر دەبێت .



تارماییەك لە دوو بۆشاییدا دەجولێت

ڕادەکات ...

خەونی شینی لێ بەجێدەمێنێت !

ڕادەوەستێت ...

خەونی سووری لێ هەڵدەفڕێت !

دادەنیشێت ...

خەونێکی سپی خەیاڵی ڕەش دادەگیرسێنێت !

پاڵدەداتەوە ...

خۆی لە ڕۆمانی ئاسماندا دەخوێنێتەوە !.



# وێنەکان بە دەزووی خەیاڵی خۆم دەدوورم

## تەنیاییش تەنیا دەبێ

گەر چرکەکانی کاتژمێرو
ترپەکانی دڵم نەبان
ئیمشەو...
تەنیاییشم تەنیا دەبوو.



# ئەو ژوورە پڕە لە وێنەی تەنیایی

دوو رۆژ و شەوێکە

تۆ لە ماڵ نیت

تەنیایی ژوورەکەمانی پڕ لە وێنەی خۆی کردووە

شەوان لەگەڵ من دەنوێت

منی دەستەمۆی خۆی کردووە

تۆ کەی دەگەڕێیتەوە ؟

تا تەنیایی بە تەنیایی بسپێرین .



# دوای حەوت ساڵ و نیو



زەمەنێکی بەدفەڕ بوو

ڕۆژگاریش دووڕوو

خەتات کرد...

منت بە زنجیری دڵت هەڵواسی !

خەتام کرد...

تۆم لە دڵمدا تەقەت کرد !.

# دوو خاڵی ڕەش

لە نێوان من و تۆدا
خاڵێکی ڕەش ڕەش هەیە
وەك خاڵی نێو مەمکت .

لەنێوان هەردووك مەمکتدا
دڵێ بوونی هەیە
دڵی من نا
دڵی خۆم .





# پێکی خەیاڵ

که شەوان بێ تۆیی بەنێو خۆیدا دەمتوێنێتەوە
پێکی خەیاڵم
پڕ دەبێت لە قومە ماچ .



## وێنەیەکی سپی

لەتەختە ڕەشەکەی قوتابخانەدا
نوقتەیەکم کرد:
(( ئەمە وێنەی پیاوێکە لەشەوێکی ئەنگوستەچاودا
جگەرەی چاوەڕوانی دەکێشێت )).

# هەمووکلیلەکانی دڵم لەلای تۆیە





هەموو ئەوانەی خۆشم ویستن

یەك یەك كۆچیان كرد و

لە ئارامگای دڵمدا تەرمی عەشقیان ناشت

ئەوە تۆ بووی

ئەو دەرگایەت داخست و

دەرگایەكی ترت كردەوە .

## بەرد

که دڵت

بە دڵی بەرد گۆڕییەوە

دەستم لەکانیاوی عەشقت شووشت .





# بەردیش دڵی هەیە

کە سێبەرەکانیان تێکەڵ دەبێ

بەردەکانیش عاشق دەبن .




# دوو هەرمێی زەرد

حەزی ناخم
مندالێکی چەتوونە
کە دەستیشی نەگاتە دارهەرمێی بالاّت
بەردییان تێدەگرێت .

# چاوەڕێی چاوەڕوانی

که ڕۆژ نووست
شەو بە خەبەر هات
من هەر چاوەڕێتم
بە جانتایەك پڕ لە شیعری گلەیی
بە باوەشێك سێوی بێ تۆیی
لەبن هەمان دارە سەوزەکەی پاڕك
چاوەڕێتم شەکرە کچ
جا گرینگ نییە تۆبێی، یانا !.





## تاسەی مەرگ

کەس نازانێ لە پشتی شەو و

لە تەك ڕۆژدا

چی ڕوو دەدات؟

مەرگ تاسەیەکە ماشێنی ژیان هەر لێی دەدات .





# کەمان

زوڵفت تەلی کەمانی شیعرم بوو
خەتای تۆ نەبوو
من نەمزانی بیژەنم .



# دەزانم کەی دەگەڕێیتەوە

کە لە نێو گریانمدا

پێکەنین چرۆی دەرکرد و

لە بڕی باران گوڵ باری

ئەوە سەرەتای گەڕانەوەتە .



## یادەوەری

ئەم دەرگایەم لێ بکەوە
بەقەد مووی سەرم یادەوەریم لە ژوورەکەت
تەقەت کردووە .



# کچێک منی بیر کەوتۆتەوە

بەم نیوە شەوە ناوەختە

پەیڤێك لە دەرگای بیرەوەریم دەدا

دیارە کچێ دەیەوێ

کراسە تەڕەکانی بە تەنافی ڕۆحم هەڵبواسێتەوە .

## دەنکە گەنمێک



لەسەر دەنکە گەنمێك

دوو کەڵەشێر شەڕیان بوو

چووم لێکیان بکەمەوە

پێڵاوە نوێیەکانم بە قوڕ بوون

ئەو قوڕەی کە بەسەرمانەوەیە .

## دەغیلە

هەنووکە سەرم بۆتە دەغیلە

دەغیلەی پارە نا

دەغیلەی وشە !.





# گۆڕێکی نامۆ

گۆڕێك لە ئارامگای دڵمدا
بەتەنیا ماوەتەوە
بە گوڵە نێرگزی گریاو دەورە دراوە
ئەرێ کەس نازانێ ئەم گۆڕە هی کێیە ؟



# منداڵییم

بە پێکەنینەوە پارەی ڕۆژانەی وەرگرت و
چووە کۆڵان
بەگریان گەڕایەوە !.

# من



له گەڵایەکی زەردی ژێر دەستی خەزان زیاتر
هیچی تر نەبووم !
من ..
له بوونێکی پڕ گومان و پرسیاری بێ وەڵام زیاتر
هیچی تر نەبووم !.



## بەختەوەریم

یاریزانێکی زۆر بێزارم
چەندین یارییە بە دوای تۆپی بەختەوەرییەوە ڕادەکەم
دەزانم کە بشی گەمێ ..
شەقێکی تێهەڵدەدەم !.

# ئەگەر ویستت بمدۆزییەوە

ناونیشانم ئاسانە
تۆ بوونت بەبوونمەوە بەندە
ولاتم شیعرە
شارم وشەیە
ماڵم خەیاڵە
زەنگ لێمەدە
دەرگای دڵم لەسەر پشتە
مەڵێ کێ لەماڵە؟
هەر خۆم و خەیاڵەکانتین .



# دەنگی گۆرانییەکی ماندوو،
# لەو ئۆتۆمبێلە سکڕابە دێت

## جگەرە پۆخڵەواتچییەکان بکوژێننەوە



دووکەڵی جگەرەکە بەرز بۆوە

ئەو ناوەی سەغڵەت کرد

پاکەتی جگەرەکە لەو سەری حەوشەی ماڵییان کەوتووە

دەلاقەیەکی نەماوە بۆ تەماشا

گۆرانیەکانی سێوە لاسوورەی تێکەڵ بە غەڵبە غەڵبی خۆکوشتن بوون

لە دەرەوەی حەوشەوە...

وەڕینی سەگێکی هیلاك

پێشوازی لە ترقە ترقی پێلاوی نەفەرێك دەکات

شالوورێکی ڕەنگاو ڕەنگ بەسەر دارهەناری حەوشەکەوە

سروودی کاڵبوونەوەی تریفەکانی سەحەر دەخوێنێت.

دیسان جگەرە کێشەکە...

ڕۆژگارەکانی لەبەر شەبەنگ پۆخڵ دەبن

وشەکانی پڕ دەبن لە پۆخڵەوات

لە پڕدا دەنگی گوولەیەك دێت؟،

...

...

دوایی کەمتر لە دەقەیەك...

...

پیاوە جگەرە کێشەکە

لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێت!

جگەرەکەش...

لە قەراغی جۆگەلەکەی حەوشەدا، خەریکی دووکەڵە!



دیارە مەرگ سەغڵەت بووە لە خۆکوژی
خۆکوژتن لە ناوەراستی کۆڵاُن ڕاوەستاوە
دەرگاکان داخراون ،

( هەروەها پەنجەرەکانیش ).



دەنگی گۆرانییەکی ماندوو..
ترسەکە شەق دەکات
ئوتومبێلە سکڕابەکە هۆرنی ژیان بۆ مەرگ لێدەدات!
خۆکوشتنیش...
لەناوەڕاستی کۆڵاُنەکە سڵ لە خۆی دەکاتەوە!؟.

# چما من هیچم لەسەر هیچ ماوە

هەرچیم هەبوو لە وێستگەکانی سەفەردا بوون بە سکڕاب
سەفەر تەواوی خەونەکانی بەبالآی ونبووندا چاڵە کردەوە
خلۆربوون گلەیی گێژبوونی بۆ ویلی تایەی پاسکیل گێڕایەوە
لە تاوی بیٚ سۆراغبوونی کوکوختییەکانی بەر هەیوان
گزەنگم ئامانەتی شەوە مەستەکان کرد
ئەستێرەیەك بەر بۆوە!
هەواڵی کوژرانی چرایەك لە دەلاقەی ماڵێکدا بلآوکرایەوە!.
دەنگێکی سەیر هات!
هەواڵی ماسییەك لە وشکانیدا بەدوای کرمێکەوە بلآوکرایەوە!.
لەم نیوەڕۆیە گەرمەی تەمەنە
باوەشێن لە سبەم دەکەم
گیاشینکەکانی بەهار بەسەر تەنافی پاییزەوە خەوتوون
قەوزەیەکی زەخەل لە سێبەری راکشاوە.
دەنگی هیلاکبوونی ڕۆحێکی عاشق
ڕەنگە سەفەرەکانی بیٚ هودە بووبن
عاشقەکە دڵی خۆی دەداتەوە
کە سەیری حەوشەکە دەکات،
پشیلەیەکی نەوسن بەدیار قاپێکی بەتاڵەوە خەوتووە.



# هەرێمێکی تر

## پۆرتریتێکی دووبارەی خۆم



نان خواردن،

خوێندنەوە،

سێکس،

نووسین،

نووستن،

سبەش بەهان شێوە !.

**( بیست وچوارکاتژمێری تەواو )**

## ڕۆژهەڵاتی مەرگ



کە هێندە بەوردی دەگەڕێم لە ژیان

دەرزی مەرگم لێ ون نەبووە

ژیانم ڕەدووی تراویلکەکانی مردن کەوتووە

مەرگم بۆتە ئاورینگ بەسەرگەڵا سەرمابردووەکانی ژیان .

( ڕۆژئاوای ژیان )

# مننامه

کەس بەکەسم نەجوێنی !

( من منم )





## باران بارانە

با قیچێك لە یەكەوە نزیكتر ببینەوە .

**(چەترەكەت هەڵدە)**

## کەسێک لەم وشانەی خوارەوە

سێبەری کەسێك ڕاکشاوە لەسەر زەوی
کەسێکی تر دەیەوێت لەسەری بخەوێت
ئەو کەسە سێبەری خۆی ون کردووە
ونبوونی ژیان سێبەری سێبەریەتی
دوو کەسی یەك سێبەرن
دوو سێبەری یەك ونن !.

( کەسێک لەم وشانەی سەرەوە )





# سەردێڕ

ژیان خەونی مردنە !.

( بن دێڕ )

# چیرۆکی تۆ

ژیان:

چیرۆکی شەوی ڕۆژێکی هیلاك و

ڕۆژی شەوێکی بێتاقەتە!

چیرۆك:

ڕێبواری ڕێگەی خوارو خێچییەکانی گەردوونە!

ڕێبوار:

من و تۆ و

تۆ و منین .

تۆ:

تۆی ڕێبوار و

منی تۆی ڕێبوارین .

(چیرۆکی من )






## کەواتە دەمرم

بۆ ئەوەی زیاتر لەژیان تێبگەم

ئەوەندەم بەسە کە هەمیشە بیر لەبوونم بکەمەوە !.

(کەواتە دەژیم )

# شەقبوونی بێدەنگی

بەر لە مردن ئەرشیڤەکانی چەقۆ بۆ سێوەلاسوورە ببە
نامەی ڕووتبوونەوەی سپیکردنی پڕتەقاڵێك
بۆ پاییزنامەی ژوورێك ببە
وەسیەتەکانی مانگەشەو بۆ گزنگ بنووسەوە
نۆستالیژیای مۆتیڤەکانی تیمساحێك
لەسەر پشتی ماسییەك تەفسیربکە
خاڵیم کەوە لەخەیاڵ شانەکردنی بەرنەینۆك
پڕمکە لە مووچورکی ماچە بەجێماوەکانی نیشتمانێکی سیاپۆش
تا: تخووبی تەریقبوونەوەی ئادەم لە پوچییەتی ژیان
تا: پچرانی داوی کۆلارەی مندالاّنی کۆلاّن و
کۆکردنەوەی پچڕانی تەسبێحی پیرە پیاوێکی بن مزگەوت
تا: میهرەبانی تیمساحێك لەنێو قەفەزی ئازادی کۆیلەیەك
تا: دەلاقەکانی مێژوویەکی خەشیم
لە چاوی ئایندەیەکی درەنگ



واوەتر لەدامێنی جەنازەکانی ئادەمەوە
نزیکتر دەبێتەوە شەیتان
تازە فایدەیی چییە؟
شەنگی گوڵە سپییەکانی فیردەوس
مەرگنامەم ئامانەتی کرمی بن بەرد دەکەم
لە نێو بەدگومانبوونی وەهم پەرتی ناو هەقیقەت بوومە
لە نێو ئەم هەموو وەسوەسەی ڕەشەبایە
قوژبنێکم نییە بۆ هەڵکردنی چرایەکی تر

((ئەریێ ژیان نازانیێ عەشق بە مردن ببەخیشێت
یان مردن نازانیێ عەشق بە ژیان ببەخشێت))



لەسەر بەرماڵی نزای وشە تازییە بارەکانمەوە
لەبەردەم فانۆسی ئومێدەوە
دوعای ڕەش لە ڕۆژگاری ڕەشم دەکەم
دەچمە ژێرتارماییەکانی یادە خەواڵوبووەکان
تازە کڕنۆشی ئایینەکان ڕووگەکان تەریق دەکەنەوە
تازە هەموو فڕینەکان
لەبێباڵی ئێمە کۆتاییان دێت!

تازە لە زەردەپەڕی سەحەر سلاو لە خۆر ئاوابوون دەکەم
تازە خەونەکانی رۆژگارم چوونەتە خەیاڵی سەرابەوە
تازە فایدەی چییە!؟
لەبەربانگی ئەم دنیا کاولبووەدا
ڕۆژووەکانم بەشەکراوی لێوی ئەو نازدارحەیرانانە بشکێنم
کە دڵیان لە گالیسکەی عەشقم بەجێماوە
تازە نیشتمان درەنگی کردووە!
تازە ماتماتیکی ئەم خەونە سەر بە ڕەچەڵەکی سفر یەك بەدەستەوەیە
تازە لە دوا نهۆمی باڵکۆنەکانی خەیاڵێکی تیخ تیخە دراو
خۆم فڕێ دەدەمە خوار خوارەوەی مەرگێکی ڕاپێچراو
تازە فێرنابم،
لە فەلسەفەی مەلەکردنی کیسەڵێك
خۆم لە گوناهەکانی ماسی بسمیل بکەم
وەك کۆلارەیەك لە باوەشی ئاسمانێکی تووڕە
لە نێو خەونی کەروێشکێکی تەوەزەل
بیر لەو هەموو خۆکوژتنە بێنازەی تەنیایی دەکەمەوە
تا: بەرمیلەکانی سەربانیش پڕ بوون لە ڕەشبینی
تا: بەسەر قۆر قۆرتانێی منداڵی
غاردەمە سەر زێرابەکانی پیری



کە بە گۆپاڵی پیری  لەدەرگەی ماڵی پاییز دەدەم
کە پاییز گەڵاکانی هەراج کرد
من بووم سمێڵی باوکم تراشی!
کەزییە سپییەکەی دایکمم کردە مەزادەوە!
ستیانەکانی بێدەنگیم
خستە سەر تەنافەکانی زایەڵەی ئەم حەسرەتەوە
گێچەڵم  بە بێدەنگی کرد
تا: سەر لە خەونە ماندووەکانم  بشێوێ
خەتای بێدەنگییەکی دوور دوور بوو
لەکەلاوەیەکی پەراوێزدا ..
بۆنی بخووری ئەڤینێکی ماندووی لێ دەهات
مەستی بۆنی بخوور نەبووم
ئەوە دەنگی هیلاکبوونی ئەڤین بوو
کەلاوەکە پڕ لە حەسرەتی شاعیرێك بوو
ژوورەکانی کەللە سەری ئایندە بوو
کە دڵە ونبووەکانی نێو گالیسکەکە چاوەڕێ بوون
بەردی کەنار لە دەریا زویرن
قەرەوێڵەی پیاوە پیرەکەی بن مزگەوتیش
چۆتە سەفەری بەتانییەکەوە.



**لەوپەری دنیاوە ..**

**تەلەفۆنی نازدار حەیرانەکان داخراون**

**برا بچووکەکان دووشکن**

**کەلاوەکە، لە پەنجەرە شکاوەکانییەوە دوور دەڕوانێت**

**ئەم بێهودە بوونە، لە ناوەڕاستی ڕێگاکە وەستاوە**

**منی لەم شەقبوونەدا ون کردووە.**



# ئەنتیکەخانەیەك لە وشە

گومانە ڕەشەکانی زەوی
لەسگی ئەو ئاسمانە پرتەقاڵیانەدا عاسیێ مەکە
دەرفەتی قومێك ئاومان نەماوە بۆ پشوو
تەنیایی شڵپەی دیێ !
لە زایەڵەی حەسرەتەکانی مرۆیە کتیب بەدەستەکان
شەقامەکان پڕن لە پیاسەی هەنگاوە خەوتووەکان
ئەو تارماییە ترسنۆکە کێیە ؟
پاییزان بەبیانووی کڕینی کیلۆیەك باران خۆی دەخاتە ماڵی گریان
عاشقێکە دەستی بەخوێنی مەعشوقەکەی سوورە
لە داخی مردنی مرۆڤەکان ڕقی لەژیانی فریشتەکانە
بە داڵغەی قلە ترێیەکەوە قاوەیەك لەگەڵ عەشق ناخواتەوە
شەویێ لەگەڵ ژنێك ناچێتە ترۆپکی توانەوە .

( هەڵبەتە لەگەڵ منیش خۆی ناشوات )



کۆچەرێکی ئاسمانییە
سەرقاڵی هەنگاوی قەتیسبوونی زەوییە
ژیان لە ئاسمان کۆدەکاتەوە
ڕۆژەکانی قیامەتنامە دابەشدەکات
خەونی لەبەر پەنجەرەی ئاسماندا بۆتە هەڵم
بەیانیان بەگوڵباران خۆی بسمیل ناکات
ناچیتە ئاسمان خەیاڵ بکرێت!
بەدرێژایی ژیان یەك چیرۆك دەنووسێتەوە
هەمیشە بەپێوە دادەنیشێت!
دەچێتە ئەدەبخانەی مێژوو ،زەمەن دەکات
عەسران لەبن دیواری مزگەوت دامە بە ڕۆحەکان دەکات
شەوان تاکو سەعات یەك سەیری مشك و پشیلەی دنیا دەکات
کەس لە ئاسمانی حەوشە بچووکەکان نەیبینیوە
گەڕۆکی هەموو ماڵە تەواوکراوەکانە
بەبێ لە دەرگادان بە ژووری هەڵفڕین دەکەوێت
بە پەلە تەنیاییەکان بۆ ئاسمان دەپێچێتەوە
گومانیش لە هەموو تەنیاییەك دەکات !.



(هەڵبەتە گومانی لەگومانەکانی منیش ئاڵاندووە)



جەلادێکی زۆر سەرقاڵە بە زەوییە نەخۆشبووەکان
کەس بەچاوی خۆریش نایبینێت
کەس قسەی لەگەڵ ئاسمانی نەکردووە
کەس هاوڕێیەتی پیاسەکانی نەکردووە
کەس کەسی نییە و
کەسی کەسیش نییە !.

**( هەڵبەتە منیش نا ناسێت )**

جەلادێکی بێچارەیە لە دەست ئاسمان

دەبێ هەموو نووسینەکانی ژیان بۆ مردن ئەرشیف بکات

دەبێ ئامانەتەکانی کۆتایی بەرێتەوە سەرەتاکان .

**( لێرە هەڵبەتی ناوێ )**



جەلادێکی بەردینی بەردی دەست جەلادەکانە

بەردەکان بە بەرد دەنووسێتەوە

بەردە وشەکان دەهاوێتە کۆمی بەستووی ماسییەکان

پەیامی بەردەکانە کە هەنگەکان شای مەخلوقاتن

پەپوولەکان پڕ لە ڕەنگی فیردەوسی ژیانن

کۆترەکان بۆ فڕین ئاسمانیان خۆشناوێت!

مێشەکان بە درۆ شەهید نابن!

پێشکەکان خۆیان بە مشتێك بۆن لەناو دەبەن !



کەنارییەکان لەترسی ئازادیبوونیان سروودی کۆیلەکان دەڵێنەوە!
بازەکان لەترسی نیشتنەوە بەرز بەرز دەفڕن!
ئاسکەکان لەبەر بێ نیشتمانی خۆڵ دەخۆن!
هەڵۆکان بۆ پارە نابنەبن دیوار!
مشکەکان گاڵتەیان بە دەسەڵاتی فیل دێت!
فیلەکان گەمەیان بە سیاسەتی پشیلەدێت!
پشیلەکان فشەیان بە حیزبی مشك دێت!
زەڕافەکان یەك مەعاشیان هەیە!
مێرووڵەکان سۆزانی بۆ بەرازە ملەستوورەکان نابەن!
ڕێویەکان تافێڵەکانیان بەنهێنی بێنێتەوە مەزنترنابن
شێرەکان تاجی پاشایەتی دارستان نافرۆشنە قەڵە ڕەشەکان!
سەگەکان نوێژناکەن و میزیش بە دیواری مزگەوتدا ناکەن!
کەرەکان گرفتاری کورتانەکانیانن!
هەمووشیان وەك من سەرقاڵی گێچەڵەکردنن بە ژیان !!!
( هەڵبەتە ئەمە ئەنتیکەخانەی منیشە )



ئەو جەلادێکە لە جنسی...( هیچ نییە )
قاندڕی ڕۆحە هیلاکبووەکانی ژیانە
کەس بەپێوە ناهێڵێتەوە
بەگومانە لە بیانووەکانی بوونی خۆشی
بیانووەکانی لەگومانەکانی دنیایش ئاڵاندووە
بەرشەقی قومێك گومانی نەهێشتۆتەوە بۆ زەوی
هەموو ڕۆح لەبەرەکانی خەواندوون
دنیای کردۆتە ئەنتیکەخانە
دەچێتە گەراجی ژیان
ماشێنەکە وەك خۆر گەرم بووە
مەخلوقات خەوی بێ خەونی لێکەوتووە
کەسێك چاوەڕێی منە
ئەڕێ بەڕاست من ماوم ؟!
( هەڵبەتە نازانم ! )



# پیاوی ڕێگاتاریکەکان

ڕێگاکانی دنیا
ناچنەوە سەر ڕەچەڵەکی پێڵاوە دڕاوەکانی مردن
مەرگ گازاندەکان بەجێدەهێڵێت لە وێستگەی پێڵاوەکان
پێڵاوەکان لە قەڵەباڵغی ژووری پیاوێکی تاریکدا ون دەبن
ژوورەکە پیاوێکی خەیاڵ ئاڵۆزکاوە
پیاوی ژوورەکەش پڕە لە قەڵەباڵغی .

پیاوێکی تاریك
لەبەردەم کوونی مێروولە بێتاقەتەکان
شەقاوەکانی شەکەت دەبن لە بێهودەیی ڕێگاکان
پێڵاوەکانی سەرخۆش دەبن لە هەنگاوە بۆگەنیەکانی دنیا
هەنگاوەکانی منداڵ دەبنەوە لەبەردەم هەنجەتی پیری
ڕێگاکانی خەونی تەواوی سەفەرەکانن
سەفەرەکان خۆیان دەدزنەوە لە ڕێگاکان
سەفەرە ڕەنگاڵەکانی منداڵی دەدۆڕێنێتە کچێکی پاییزی
خەیاڵە جوانەکانی بۆگەنی دەبن



پێڵاوەکانی ژیان هەنگاو بەگیرفانی بەتاڵی مەرگەوە دەنێت
بەسروودی قەمیشێك شەکر
دڵنەوایی جەنگی دۆڕان ناداتەوە
بەباڵی شیعری کوکوختییەکانی سەر منارەی ترس هەڵنافڕێت
بەخەیاڵی گۆرانییەکانی گورگەوە
سەر خەوێك لەسەر دڵی بەرد ناشکێنێت
لە بێدەنگبوونی دەنگ شتێك ناڵێت
شەنگ وەك ئایەتەکانی ماچ
شەکەت وەك باخچەیەکی بەساڵاچوو
درۆ وەك ڕاکردن بە دوایی تراویلکە
لە دەنگی گوتنەوە بێدەنگ نەبوو
لە ئەسەفەکانی دزینی هەنار
لە ئەسەفەکانی پەرتەوازەیی بێدەنگی
لە ئەسەفەکانی دۆڕانی سەفەرە ڕەنگاڵەکانی خەیاڵ .

سەفەرە ڕووناکەکان
گەڕان و سوڕانی پیاوی ڕێگاتاریکەکان بە درۆ دەخەنەوە
پیاسەی کۆڵانەکانی مردن
ژیان دەبەنەوە سەرەتای ڕێگاکانی دنیا .



**پیاوی ڕێگاتاریکەکان**

**لە ناوەڕاستی شەقامێکدا خەون بە ڕێگایەکی ترەوە دەبینێت**

**بەکۆڵێك خەونی ڕەنگاڵەوە بەدوای ڕێگایەکی ترەوەیە**

**خەونەکانی پڕن لە سەفەری گەیشتن بە هەتاو**

**سەفەرەکانی هەزاران خەونییان بە ڕێگاکان سپاردووە**

**ئەم ڕێگایانە کۆکراوەی تەواوی پێڵاوەکانی مردنە**

**سەفەرەکان بازنەییینە!**

**ژمارەی پێڵاوەکان چل و دوونە**

**ژیان ئۆتۆمبێلێکە ڕێگاکانی پێ تەواو نابن!**

**چیرۆکی ئۆتۆمبێلەکە ...**

**ئاوێنەیە بۆ تەماشاکردنی ڕێگاکان**

**پیاوی ڕێگاتاریکەکان یاداشتنامەی پڕە لە کەونە پێڵاو**

**بەکۆمەڵێك خەونی بەتاڵەوە ڕێگایەکی تاریك دەبڕێت .**





ئەو پیاوە هەموو شتێکی لێ تێکچووە

هەنگاوەکانی پڕ بوونە لەگومانی شین و مۆر

پیاسەکانی گەڕاونەتەوە سەرەتای سەفەرێکی تر

پێڵاوەکانی وەك دڵی بۆگەنی بووە

سەفەرەکانی پڕ بوونە لە ڕێگای تر

نازانێت لە کوێوە بۆکوێ بێچێت و

لە چییەوە بۆچی دەستپێبکاتەوە !؟.

# ڕووتبوونەوەی وشەکان

ڕووخسەت لە مەحاڵ بخوازە
لەو پەڕی خەیاڵەوە دەعوەتم کە
بە پێکێك ڕامانی کوشراو
بە قاپلەمەیەك پەیڤی بێهوودە
بە مشتێك خەیاڵی ڕاوکراو
بە دووکەڵی جگەرەیەکی هیلاك
بە بەرداغێك بۆن لە ڕەچەلەکی گوڵەبەیبوون
بە هەنارێکی سەربەگوڵی بن ستیان
بە قسەیەکی گەرمی بن جێی شەوانی زستان
دەعوەتم کە بە تەنیاییت...






کاتەکان دەوەستێنم

دەرگاکان قفڵ دەدەم

پەنجەرەکان دادەخەم

پەردەکان دادەدەمەوە

گڵۆپەکان دەکوژێنمەوە

جگەرەی درۆیەکی تر بۆ ژیان بەبا دەکەم

دەمەوێت باسی خۆکوشتن بکەم؟!.



کتێبێکی حەوت بەرگی فاڵچییەك

سەراوبن لەبەر تاریکی شەوێك خوێندرایەوە

نهێنییەکان سواری سەر پشتی وشە فێڵبازەکان بوون

لە پەراوێزی بەرگی حەوتەمەوە هەڵاتن.



نیوه شەوان بە شووشەی پەنجەرەی ژوورەکەمەوە دەنووسێیت
وەك هەنارێك شەق دەبم
دامدەوەشێنییە ناو قاپلەمەی ئۆخژەنی
لەبەردەم ئاوێنەی خەیاڵدا پەیڤەکانم ڕووت دەکەیتەوە .

ژوورەکان لە شیعرە بێباڵەکان ناکەمەوە
دەرگاکان بەڕووی غاردانێی بێئۆقرەیی قفڵ دەدەم
پەنچەرەکان لە ڕوانینە ڕەشەکانی خۆکوشتن گاڵە دەدەم
پەردەکان بەسەر تریفەی گوڵدانەکان دادە دەمەوە
گڵۆپەکان لەسەر سەفەرەکانی کتێب دەکوژێنمەوە
پەرتەوازەیی سەفەرەکانیشم ..
لە قەڵەباڵغی خۆمدا کۆدەکەمەوە .



دڵم خراپ دەکوشرێت

مۆمێك لەم ژوورە هەڵکە

کتێبخانەکەم نوقمی تاریکی بووە

دەترسم تاریکی کتێبەکانم بخاتە توورەگە ڕەشەکەیەوە

بەگومانم وشەکان لە لاپەڕەکانیان هەڵدێن

ترسم لێ نیشتووە!

خراپ دڵم دەکوشرێت

شتێك هەڵکە!

ڕووناکییەك داگیرسێنە

وەك نووسینێکی سپی !.



رەنگە هەر ئێستا

یان کەمێکیتر،

فیشەکێك ڕووخسەت لە ئاسمان وەرگرێت

ژیانم بپێکێت و

بە هەڵە مەرگم بکوژێت .



چراکە دەکوژێنمەوە

خۆم لە تاریکی خۆمدا ون دەکەم

تاقەتم نییە، سێبەرەکەم لاساییم بکاتەوە!





ڕەشەبا سەرگەردانەکان لە پشتی مانگە شەوەوە

سەری خۆیان بۆ تاریکی هەڵگرت

فانۆسێك لەم تاریکییەدا پرتە پرتی بوو

قسەی بۆ دنیا دەکرد

مردنیش دەیگوت: تازە بێ فایدەیە

ئەم فانۆسە چیرۆکی تریفە بۆ تاریکی بگێڕێتەوە .

دوو کۆتری هۆنراوەم هەیە

یەکیان سپی سپی ،

هەڵفڕیوتە ئاسمانێکی پڕ تیرۆژ

یەکیان ڕەش ڕەش ،

نیشتۆتە سەر کەلاکێکی بۆگەن

کۆترە سپییەکە هەموو ئاسمانەکانی ڕووناکی تەی کردووە و

ناشنیشێتەوە

کۆترە ڕەشەکەش هەمیشە بەسەر کەلاکەکە باڵە فڕکەیەتی.



# مەرگ هەزاران کاسیەتی درۆی جوانی بەم مەخلوقە فرۆشت

بەپای باران بەسەر خاشاکە ئەنتیکەخانەکانی منداڵی ڕاکە..ڕاکە!
تا: سنووری تەریقبوونەوەی ئادەم بۆ پووچی ژیان
تا: وەسیەتی گوڵە باغەکانی پاییزنامەی شاعیرێکی پڕ مەراق
تا: بێتاقەتی نوێژی گەنجێکی شەڕانگێزی شەلاڵ لە ئایدیا
تا: تامی گێلاسی حەرامی دەمی منداڵێکی هەتیوو
تا: وێستگەی ڕەشەبا وێرانەکانی خەزانێکی چاو سووری جەنگەڵستان
ڕاکە و چیتر گۆرانی عەشق بۆ مەرگ مەچڕە
کاتێ سوێند بە سێوی فیردەوس دەخۆی
گاڵتە بەڕووگەی وەهمە باوەکان بکە
کاتێ سوێند بە ڕۆحی باغەکانی شار دەخۆی
گاڵتە بە گوڵە مردووەکانی سەر پەنجەرە بکە
کاتێ سوێند بە ئاگرە شەبەنگەکانی زەردەشت دەخۆی



گاڵتە بە ڕابردووی خەواڵووت بکە
کاتێ سوێند بە چاوی دەستگیرانە تاقانەکەت دەخۆی
گاڵتە بە مەرگە کیسەڵیەکان بکە.
بە مەرگ بڵێ:
(( تۆ لە جەسنی ئاگر و ژیان لە جەسنی ئاو )).

بە عیشق بڵێ:
(( تۆ قاوەیەکی چەند تاڵی و لە شیرینیان لێت تێر نابم!)).

بە یار بڵێ:
(( تەنها تۆ دەتوانی ئاونگی گلەییەکانی سەر پەڕەی گوڵە
بەجێماوەکانی تەمەنم بتکێنی )).



لە تۆدا،
خۆم بەتەنافی ماچە سەوزەکانی عیشق هەڵدەواسم
تۆش لەنێو مندا..
تابووتی ئەسەفەکانی پاییزنامەی عومرت
لە ئێسقانم ساز بکە.



ژیان بێ شەرمە
شەوی دوێنێ لەبەر شەبەنگی گڵۆپەکانی ماڵ
خۆی بۆ مەرگ ڕووت کردەوە
پەڕەسێلکە غەوارەکانی تەك پۆرترێتەکەی مامە تاقانەکەم
بە پێکەنینەوە بەیەکیان دەگوت:
حەقیەتی کە شەوان دەبێتە شیعرێکی کوڵاو و
لە دوورەوە بۆنی فەنا بوونی لێدێت!.

# کەللە سەرم پڕ پەنجەرە بووە



بمخەنە قۆدییەك و

سەرم لەسەر دابخەن

تا سەردەمێکی تر...

لە پەراوێزی ونبووندا بمشارنەوە .




که تەنیاییم سپاردە ئاسمانی وشەکان
خەیاڵ ماڵی خۆی گوازتەوە
ئاسمانێکی بەرزتر !

هەموو شتێکم سپاردە تەنیایی

تاکو تەنیاتر بووم لە کەرتێك سەراب !





خۆی لە تەنیایی مەرگ دەدزێتەوە

هیچ ڕێگەیەکی خۆ دزینەوەشی نییە

بۆ کوێ ئەی مرۆڤ ؟!

کاتێ قەڵەمەکەشم لەگیڕفانمدا تەقەت دەکەم

لە پەڕە بۆرەکەی بەردەمم

وشەکان هەرخەریکی سێکسی خەیاڵن .





ژوورەکەم چوار بە پێنجە
دەیکەمە چواردە بە پێنج
تەنیاییم زۆر گەورە بووە .

پەنجەرەکان پڕ لە کون بوونە

کونەکانیش پڕ ( با )

من لە کونێکی تر دەگەڕێم بۆ سەیرکردنی دنیا .



هێندە خەمی ژیانم خواردووە

ڕشانەوەی مردنم دێت!



تازە ڕووناکی درەنگی کردووە

دەبێت لە تاریکدا،

ئەم داوە بخەیینە کوونی دەرزییەوە !.



پاییزنامەی باغێکی تەنیا

پڕ بوو لە پەنجەرەی سپی

گەڵاکان شینیان بۆ ڕوانینەکانی دەگێڕا .



بەم پێڵاوە دڕاوانە
ناگەمەماڵی مەرگ
بەمردن بڵێن چاوەڕێم نەکات !؟.







ئەگەر مردم

گۆڕەکەم پڕکەن لە کتێب

ئەگەر نەمردیشم ..

کەس داوای کتێبم لێ نەکات !.



لەشەڕێکی لێوڕێژ لە دۆڕانم
لەگەڵ مردن !.




**مەرگ گەمەیەکی ترە**

**بەبێ ژیان !.**

**مەرگ:**

**نەیتوانی خۆی خاڵی کاتەوە لە عەشقی ژیان**

**ناچار بەگوللەی ماچێك خۆی کوشت .**



ناو سگم پڕ قسەیە

خەریکی نووسینیشم !.



ژمارەیەك بەكۆدی سفر لە ونبوون دەكڕم

كە مردم ،

پەیوەندیت پێوە دەكەم !!.



من قسەیەکی ترم ماوە بۆ ژیان

کەواتە زەوی دەسووڕێ !؟



که دەڕۆیی هێندە دڵت بەمنەوەیە
مۆرە مۆرەم لێدەدەی .*



*مۆرە مۆرە، قسەیەکی مندالأنەیە کە شت لە شوێنێك بەجێدەهێڵن و جنێو بە مۆرە مۆرەی لێدەدەن بۆ ئەوەی هیچ مندالێکی تر نەتوانێت دەستی لێبدات .چونکە دەست لێدان جنێوەکان بەبەر ئەو دەکەوێت .ئێمە بەمندالّی ئەوکاتانە وامان دەگوت کە کاتێك خانووە بچکۆڵە قووڕەکانمان بەجێدەهێشت لەگەڵ کەل و پەلی یاری لە شوێنی یاریکردن .

# سەفەری پێڵاوەکان تەواو نابن

پێلاوەکانم سەرقاڵی سەفەریان کردوومە
پێیەکانم لەنێویاندا بەندن
دەشێ ئەم پێلاوە کۆتایی بەم سەفەرە بێنێت؟
ئەم پێلاوەم دەمێکە لەپێیە
زۆر حەزی لە سەفەرە
دەترسم سەرم بخوات
هەرئەمشەو پێڵاوەکانم خۆیان بۆیاغ کرد
چوونەوە سەفەر
ئەو سەفەرەی پڕە لە پێڵاوی دڕاو
ئەو پێلاوەی پڕە لە سەفەری دۆڕاو
سەیرە! پێڵاوەکانم چووتێك پێڵاویان کڕیوە
دەشێ ئەمانیش سەفەری بن

دوودڵم...
دوودڵیش پڕی ناو چاوم بووە
جەستەمی کردۆتە وێستگەی بوون و نەبوون
زۆربێزارم: تا ئەو سنوورەی لەگەڵ خۆشم بە شەڕدێم



نازانم دنیا چۆنە؟
بۆچی لێرەم!، ئێرەکوێیە؟
- ئەریٚ بەر لەمن، من لێرە نەبوومە؟
- ئەریٚ ئەوەی دەینووسم کەسێکیتر نەینووسیوە؟
ئەم دوودڵییەی سەفەر چەندەها شیعری چەشنی پێلاوەکانم دڕاندوون
دەبیٚ هەستم بەرلەوەی پێڵاوەکانم بدڕێن ئەم سەفەرە تەواو بکەم
بەرلەوەی سەفەر بڕیاربدات
تەلەفۆنێك بۆ یارەکراس ڕەشەکەم دەکەم
پێی دەڵێم: هێندەی مۆمە دڵبەخەمەکانی وەرەزبوون فرمێسك دەتکێنی؟
هێندەی گزەنگی عەشق شەوت بۆ مەعشوق ڕووت کردۆتەوە؟
هێندەی چرکەی کاتژمێرە ترساوەکەم لاسایی دڵەکوتانەت کردۆتەوە؟
هێندەی من لەنێو خۆتدا سەیری خۆت کردووە؟



پێڵاوەکانت لەپیٚ بکە و
کراسە ڕەشەکەت داکەنە
وەرە قەرزی ئەو سەفەرە بدەینەوە
ئێمەساڵەهای ساڵەهەنگاو دەنێین
بەیانی تاکو ئێوارە ئەم ڕێگەیە دەکوتینەوە

تازە زانیومانە ڕێگەکەمان بازنەییە و
هەموو رۆژێك لە شوێنی دوێنی دەستپێدەکەینەوە!

کراسە ڕەشەکەت داکەنە و
پێڵاوەکانت لە پێ بکە
تا بەعەشق پەیوەستی لەلا چەپێکی دڵت بهێڵەوە
تا بەژیان پەیوەستی پێڵاوەکانت لە پێ مەکە.

شەو درەنگە
کراسە ڕەشەکەت داکەنە
پێڵاوەکانت لە پێ بکە
من دەبێت بنووم
بەرلەوەی بە خەبەربێمەوە
پێڵاوەکانی پێڵاوەکەم چوونەتە سەفەر
پێڵاوەکانی منیش سواری سەریەك بوونە!
گوایە سەفەریم،!
ئەو سەفەرەی هەرچەند دەکەم پێم تەواونابێ.



# مەمکەکان



دوو فەرخە پشیلەی سپی سپین
هەمیشە حەزیان لەسەر سینگمە
مەمکەکانت .

کەوین وەك دوو کۆتری سپی

حەزیان لە هەڵفڕینی ناو لەپی دەستمە

بێگومان مەمکەکانت .






ئەگەر دەتەوێت خەم زەفەرم پێنەبات
لەنێوان هەردووك مەمكتدا خلۆرم بكەوە .



خواوەندی پەنجەکانم دەتگرێ

بە وشە وێنەی مەمکتیان زۆر نەخشاندووە

ئەو گوناهە مەخە ئەستۆی خۆت

پەنجەکانم لێکتر بچنە و

بۆ ئەو سەفەرەت بیانکە بەستیان .

زاڵمێکی میهرەبان بە

مەمکوژە!

تاکو مردن لەناو ستیانەکانتدا بەندم بکە .



ئەم سپێدەیە

خۆر لە باخچەیماڵتان نادات

پەپوولەی لێوم لەسەر خونچەی گونات نیشتووە

خوداش حەز ناکات هەڵبفرێت !.



که مەمکەکانت دەبینن

منداڵێکی چەند منجڕن

لێوەکانم .



ئەمشەویش بەسەرە پەنجەم

کەمانی گۆنای مەمکت دەژەنم .



ئەمشەویش بەسەرە پەنجەم

کەمانی گۆنای مەمکت دەژەنم .

# THE DENUDE WORDS




XEMGIN BOLLY